**وەزارەتی داد**

**بەیان**
**ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە:-

-گواستنەوەی ئیش و کارەکانی ناحیەی خورمال کە پەیوەستە بە تۆمارکردنی خانووبەرە بۆسەر بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە .

**بەیان**
**ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە:-

- کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە شارۆچکەی پیرمام .

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیان ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٣**

ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٦٢٠٤ لە ٢٠١٣/٩/٢٣ ) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- فراوان کردنی گوندی قەسرۆك لە سنووری قەزای ڕانیە بە ڕووبەری ( ٢٣,٩ ) دۆنم لە پارچە زەویەکانی ژمارە ( ٩و١١ لە کەرتی /٧٠ قەسرۆك ) وە تەرخان کردنی بۆ گوندی قەسرۆك بە پێی یاسای کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەو ٢٠١٣/٦/٣ .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**